www.kurdistannet.org
20/07/2003 15:32

به ناوی کوردستانی گەورە !

# بوداق سوڵتان، ئەمیری مەزنی کورد !

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com
2003/7/18

هۆنه ری گەورەی کورد، ماموەستا ئەبوالحەسەنی سەیف دەفەرموێ :

" به کوته شانامان گەڵان دەمێنن به میر و مەزنان شان دەشەکێنن.

کـه مەبەسـتی ئەمەیـه، به کتێب و نوسراوەکانیان، میللەتان دمێننەوه و هەبوونی گەوره مرۆڤان، مایه شانازی و بەقای ئەوانه. ".

جـا لـه پێـناوی ئامانجـی مـەزنی ئەو دروشمه بەرزەی سەرەوەدا، لەم نووسراویەدا هەوڵ دەدەم به پێی توانسـت و زانسـتی خۆم، یەکێک له گەوره پیاوانی مێژوی رامیاری و فەرهەنگی کوردستان تان زیاترپێ بناسێنم، که ئەم پیاوه بوداق سولتان، ئەمیر و فەرمانرەوای مەزنی موکوزیانه.

سەردار بوداق سولتان، کوری شێرخانی، کوری حەیدەر خانی موکوری، له بنەماڵەی ئەمیرانی موکریان بـوه، کـه لـه دەوروبـەری ساڵـی 1040ی کۆچی مانگی دا، له گوندی دریاز، لەپێنج کیلۆمێتری شاری مـەهابادی ئێسـتا له دایک بوه. بۆ ئەوەی زادتر سەبارەت به ریشه و رەگەزی بوداق سولتان شت بزانین، دەتـوانین لـه سەر ماڵپەری http://www. bokan. de، تەقه لەسەر "لینک" بکەین، ئەمجار بچین له ژێر سەردێری " لاپەرەکانی کوردی " دا و "هۆزی فەیزوللا بەگی" کلیک بکەین.

چـون بارودۆخـی اسـتراتێژیکی گـۆندی دریـاز، بو پێتەخت بوونی ناوچەی موکوریان زۆر شیاو نەبوه، بـوداق سولـتان گوندی سابلاغی کردوه به ناوەندی موکریان و له دریازەوه گوێزاویەتەوه بۆ سابلاغ، که هـەر مـەهابادی ئێستایه. مەهاباد تا زەمانی رەزاشای پەهلەوی هەر ناوی سابلاغ بوه، بەلام له زەمانی ئـەم پاداشایه دا، ناوی سابلاغ کراوه به مەهاباد، ناوی ورمێ کراوه به رضائـیه و ناوی دوئاون کرواه به میاندواو (میاندواب) و. . .

بـەم چەشـنه، بـوداق سولـتان، کـه ئـەمیری مـەزنی ناوچەی موکوریان بوه، گوندی چکۆلـەی سابلاغ (مـەهاباد) دەکاتـه پێـتەخت. ئەو که له زەمانی شا سولەیمانی سەفەویدا، ژیاوه، ئەمیرێکی زۆر لێزان، رامیار و به برشت بوه. بەلام به داخەوه، لەو کاتەش دا، موکوریان و بگره زوربەی ناوچەی کوردەواری، جەولانگـەی سـەفەویەکانی فـارس و عوسمانـیەکانی تـرک بون و بێ چاوێنی بن، هەر دووکیشیان هەر فەرمـویانه کـه گـۆیا نوێـنەری خـودان و هاچەری بەهەشتیان پێیه!!!. (نازانم بۆ چی جارێک له جاران، هاچـەری ئـەو بەهەشت کەسنەدیوه، نەکەوتوەته دەست کوردی راستویژ ؟) . بوداق سولتان، بۆ بەرگری لەم پیلانه رامیاریه، مەڵبەندی موکوریانی به چەشنی ناوچەیەکی خودموختاری سوننەتی دەرهێناوه.

ئـەم پـیاوه مەزنـه، لـەو کاته پڕ گێژاوەیەدا، به بیر و تەگبیری خۆی، هەرێمی موکوریانی زۆر وه پێش خسـتوه و لـه گێـژاوەش پاراسـتویەتی. یـانی ئەگـەر ئێـرانی ئـەو کاتـه، لەگـەڵ عێراقـی ئەم کاته، هەڵسـەنگێنین (موقایسـەبکەین) ، هەرێمـی موکـوریان بـۆ ئـاوەدان بـوونەوه و ئاشـتی، له چاو باقی هەرێمگـەلی ئێـرانی ئـەو زەمانـه، وەک هەرێمی کوردستانی باشووری ئێستا بوه، بەرانبەر به تەواوی ناوچەکانی دیکەی عێراق.

برێک لەو کاره ئاوەدانی و فەرهەنگیانه، که ئەمیر بوداق سولتان ئەنجامی داوه :

-1 لێدانی قۆشه (سککه) کوردی.

کاریکی زۆر سەرنجڕاکێشی بوداق سوڵتان، لێدانی قۆشە (چاپی پارە) ی کوردی بوە. کە بە شتێکی یەکجار زۆر گرنگ دادەنرێ و بەڵگەی ئەمەیە، کە ئەو کاتە ناوچەی موکوریان، چەشنێک سەربەخۆیی بوە. من وێنەی دانەیەک لەو قۆشانەم، لە کن کام محەممەد ڕەزا داودی، داهێنەر و لێکۆڵەری ڕێزداری مەهابادی دیوە، کە ڕەنگە ئێستا ئەو ڕێزدارە، لە وڵاتی فینلەند بێ. بەڵام، لە هەر کوێیەکە، ئەگەر هەواڵ لە ئەم نووسراوەیە پەیدا دەکا، تکام وایە، وێنەی قۆشەکە ئیسکەن بکا و بەو ئیمەلەی سەرەوە بۆمی بنێرێ، تا بتوانین نیشانی خەڵکی بدەین. تا جێگەیەک لەبیرمە، قۆشەکە، لەسەری نووسرابو (هەڵ کەنرابو) "ضربە في ساوجبلاغ ".

-2 دروسکردنی دارالعیلم (زانکۆ) لە مەهاباد :

لە ساڵی 1089 ی کۆچی مانگی دا، مزگەوتی سووری لە مەهاباد دروست کردوە، کە گەورەترین دارالعلم (زانکۆ) ی ئەو کاتەی موکوریان بوە، بۆ بەڕێوە بردنی زانکۆی مزگەوتی سوور، یەکێک لە زانا زۆر مەزنەکانی هاوچەرخی کوردی لە شاری مەریوانەوە هێناوە بۆ ساباڵغ. ئەم زانا پایەبەرزە، مەلا جامی موسننیفی چۆڕی بوە، خەڵکی گوندی چۆڕی مەریوان و نەوەی مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕی زانای کەموێنەی کوردە، کە بنە ماڵەی موسەننیفی ئێستای مەریوان، لە ئەولادی ئەوانن. ڕێزدار ماموەستا مەلاجامی، هەر لە ساباڵاغ کۆچی دوایی کردوە و گڵکۆی پیرۆزی لە مەیدانی مەلاجامی مەهابادە. ئەگەر بە وردی تێ بڕوانین، لە چوار سەد ساڵەی پێشودا، هەر زانایەک کە لە ناوچەی موکوریان دەرسی خوێندوە، بە چەشنێک کەڵکی لەم زانکۆ مەزنە وەرگرتوە. ئێستاش ئەم زانکۆ (مزگەوت) ە هەر دایرە و لە نێوەڕاستی شاری مەهاباد دایە. بەهەشتی بوداق سوڵتان، بۆ هەڵسووڕاندنی چەرخی ئابووری ئەم ناوەندە زانستیە، دەیان گوندی پڕداهاتی ناوچەی موکوریانی کردبوە مەوقووفەی مزگەوتی سوور، کە بۆ وێنە، تا جێگەیەک زەینم یاریدەم دەدا، یەکێک لەوانە گوندی باغڵووجەی نێوان شاری بۆکان و سەقز بوە.

-3 پردی سوور :

هەر وەک دەزانین، مەهاباد لە قەراغی چۆمی مەهاباد دروست کراوە. لەو کاتەدا، کە زستان و بەهار ئەو چۆمە زۆری کردوە، خەڵک مەجبوور بوون بە لۆتکە (گەمی) ئەمبەر و ئەوبەر بکەن، کە کارێکی پڕ دەردی سەر بوە. بوداق سوڵتان، بۆ چارە سەرکردنی ئەو گرفتو گیریە، پردێکی لە سەر ئەو چۆمە دروست کردوە، بە ناوی پردی سوور، کە تا نزیکەی بیست ساڵ پێش کەڵکی لێوەردگیررا و ئێستاش شوینەوارەکەی ماوە. چوار سەد ساڵ پێش، لە ناوچەی موکوریان، بوونی پردێکی وا مەزن، لە پردی ئێستای سیدنی ئوسڕالیا گرنگ تر بوە و بە شاکاری مێعماری زانراوە

-4 حەمامی سوور :

لەو کاتەدا، لە کەم شاری کوردستان حەمام بوە. بەڵام بوداق سوڵتان حەمامێکی لە مەهاباد دروست کردوە، بە ناوی حەمامی سوور و سەدان ساڵ جێی کەڵکوەرگرتنی خەڵک بوە.

تێبینێ : دەڵێن بۆیە ئەو سێ جێگەیەی سەرەوە، بە سوور ناسراون، چون بە خشتی سوور دروست کراون - ئەو کاتە لە موکوریان زۆرتربە خشتی کاڵ خانویان دروست کرردوە

-5 کۆخ بوداق :

ئەو کاتە، ڕێگەی سنووری نێوان مەهاباد و شاری هەولێر، ڕێگەیەکی زۆر دایر بوە و هاتوچۆی زۆر لێوە کراوە. بەڵام، چون ناوچەیەکی زۆر کویستانی بوە، بە زستانان پڕبوە لە هەرەسی بەفر و کلیلە و زۆر کەس لەو ڕێگەیەدا سەرما بردوونی و ڕەق هەڵهاتوون. بوداق سوڵتان، لە جێیەکی پێویستی سەر ئەم جادەیە، خانویەکی دروست کردوە، بە ناوی کۆخ بوداق، واتە خانوی بوداق، ڕێبوار و کاروانیەکانی

بـۆران پـێچ، لە کاتی مەترسی و پێویست دا کەڵکیان لێ وەرگرتوە، پەنایان بۆ هێناوە و خۆیان نەجات داوە.

6- کتێبخانە :

ڕێـزدار سـەردار بـوداق سوڵـتان، لــە شاری مەهاباد، کتێبخانەیەکی گشتی داناوە بۆ ژنان و پیاوان. من بۆخوم نزیکەی ساڵ پێش، کتێبێکی خەتیم دی بە ناوی شەرحی قامووس، کە کتێبی قامووسی عەرەبی بە زمانی فارسی شەرح دابو. وادیار بو، ئەو کتێبە یەکێک لە کتێبەکانی کتێبخانەی مەهابادی بوداق سوڵتان بـو، کـە دەستاودەست کەوتبو. لە سەر بەرگی هەوەڵی ژوورەوەی کتیبەکە، شتێکی بەم جۆرە، بە فارسی نووسرابو :

ئـەم کتێبەم ساڵی لە ساڵی 1064 ی کۆچی مانگی، لە شاری دارولخەلافەی ئیسفەهان، بە --- کڕی، کە وەقفـم کـرد بـە کتێـبخانەی شـاری سابڵـاغ، تـا پـیاون و ژنان کەڵکی لێ وەرگرن. پاش مردنی منیش، زاناتـرین ئـەولادم دەبێ ببێ بە بەرێوە بەری ئەم کتێبخانەیە. کە، ژێرەکەی ئەم مۆرەی پێوە بو : "بوداق ابـن شـیر خـان مکـری " و خەتەکــەش نووسراوی دەستی زۆراب بەگی کوڕی بوداق سوڵتان بو، کە زۆر خەتخۆش بو. بریا ئەم کتێبە بە نرخەش دەستی دڵسۆزان دەکەوتەوە.

خـزمەتە رامـیاری و فەرهەنگـیەکانی بـوداق سوڵتان هەر ئەمانە نەبوە، بەڵام باسکردنی هەمویان، لە وزەی ئــەم نووسراوەیەدا نیە. لە پاش بوداق سوڵتانیش، هۆز و ئەولادانی ئەو هەر خزمەتی گەلێ خۆیان کورد، کە ئێستا بە هێندێک لەو کەسایەتی و بنەماڵانە ئاماژە دەکەم :

1- سـەرۆکی جوامێـر، سمکـۆی قارەمـان، لـە هۆزی بەگزادەی شکاکە، کە ئەم هۆزە دەچنەوە سەر بوداق سوڵتان.

2- سـەرۆک پێشەوا قازی محەممەدیش دەچێتەوە سەر بوداق سوڵتان، چون لە دایکەوە لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگیە و بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی لە تایەفەی بوداق سوڵتانن.

3- سادرار عەزیز خانی موکوری و باقی سەرارەکانی بوکان.

4- هۆزی میراودەلی، پشدەر.

5- هۆنەری مەزنی غەزەلوێژی کورد، میسباحەددیوانی ئەدەب.

6- بنەماڵــەی فەیزوڵڵـا بەگـی، کە لە کۆماری مەهاباد دا، تەوەرەیە کی گرنگی خزمەت بوون و 11 شـەهیدیان داوە (چـون نەمـران پێشــەوا قازی محەممەد، سەدر و سەیفیش لە دایکەوە فەیزوڵڵا بەگی بوون) .

7- بـنە ماڵــەی خانـزادە، کــە مەجید خانی گەورە یەکێک لەوان بوە و هەرێمی چۆمی مەجید خانی موکوریان، بە ناوی ئەوەوە ناو نراوە.

<u>بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتـە، بـێجگە لــە شتە بیستراو، خوێندارو و بینراوە باوڕپێکراوەکان کە لکم لەم سەرچاوانەش وەرگرتوە :</u>

1- پەڕتووکـی مەشـاهیری کـورد، بەشـی دووهــەم، بەرگی سێهەم، نووسراوی بەهەشتی ماموەستا بابامەڕدووخ رووحـانی (شیوا) .

2- پەڕتووکی فەرهەنگ و ئەدەبی موکوریان، نووسراوی بەهەهشتی ماموەستا برایم ئەفخەمی.

بــە هـیوام، گشتمان بتوانین خزمەتی گەورە مرۆڤانی کورد زۆرتر وەبیر بخەینەوە و ڕچەی ئەوان بکەینە ڕێگەی ئێستا و داهاتوی خۆمان.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.